


# هەزار خۆری درەوشاوە

## ژن لەنێو بەرداشی کلتووری پیاوسالاری و شەریعەی ئیسلامی لە ئەفغانستان

عەلیڕەزا مەجیدی

لە فارسییەوە: باران



«هەزار خۆری درەوشاوە» دووەم ڕۆمانی خالید حوسەینی نوسەری ئەفغانییە، کە ساڵی 2007 چاپ و بڵاوکرایەوە، نوسەرێك کە ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی. ئاشنایەتی تەواوی بەسەر نەریت و کولتوری زاڵی ئەو وڵاتە هەیە، یەکەم خاڵە کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ. قەڵەمی نوسەر لە بەرهەمەکانیدا «بەتەواوەتی» لەژێر کاریگەریی کەش و دۆخی سیاسیی زاڵی ئەو وڵاتەیە. نوسەر وێڕای ئەوەی کە هەوڵیداوە پرسە سیاسییەکان لە پەراوێزدا باسبکات، بەڵام هێرش و پەلاماری یەکێتیی سۆڤیەت و دواتر حکومەتی موجاهیدەکان، لەگەڵ کێشە و جیاوازییە قووڵە خێڵەکی و مەزهەبییەکان، پاشان تاڵیبان تەنیا بە بیانوی جێبەجێکردنی حوکمەکانی شەریعەت و بەو تێگەیشتن و شرۆڤەیەی کە خۆی بۆ ئاین هەیەتی، و دواتر هاتنی هێزە ئەمریکییەکان و کاریگەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەتەواوەتی سێبەریان خستوەتە سەر کەشی نێو ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەش. ئەم ڕۆمانە بە ڕووداوی ژیانی کچێك بەناوی «مریەم» کە لە ڕێگای پەیوەندییەکی ناڕەواوە لەدایکبووە، دەستپێدەکات، نوسەر وەکو پیاوێك زۆر هەوڵیداوە تا هەڵسوکەوت و باری کەسێتیی کارەکتەرە ژنەکان بەوپەڕی جوانی و ستاتیکاییەوە بەرجەستە بکاتەوە و بەوپەڕی تواناشەوە لەم کارەیدا سەرکەوتوو بووە.

خالید حوسەینی لەم ڕۆمانەشیدا دیسان باسی لە زۆر چین و توێژی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئەفغانستان کردووە. وەکو «جەلیل» باوکی «مریەم»، پیاوێکی دەوڵەمەندی خاوەن موڵك و سامان و سینەما کە چاکەت و پانتۆڵ لەبەردەکات و بۆینباخ دەبەستێ، بێجگە لەوەی کە سێ ژنی بە فەرمی هەیە، خزمەتکاری ماڵەکەی کەوتوەتە بەر پەلاماری هەوەس و شەهوەتی، کە بەرهەمی ئەم پەیوەندییەش کچێکە بەناوی «مریەم» کە بۆ جەلیل لە شەرمەزاری زیاتر هیچی دی نییە، بەڵام لە هەوڵی ئەوە دایە، وەك باوکێکی میهرەبان لەلای «مریەم» خۆی بنوێنێ. نوسەر لەم بەرهەمەدا کەسایەتیی «جەلیل»ی

خالید حوسەینی لەم ڕۆمانەشیدا دیسان باسی لە زۆر چین و توێژی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئەفغانستان کردووە. وەکو «جەلیل» باوکی «مریەم»، پیاوێکی دەوڵەمەندی خاوەن موڵك و سامان و سینەما کە چاکەت و پانتۆڵ لەبەردەکات و بۆینباخ دەبەستێ، بێجگە لەوەی کە بە فەرمی سێ ژنی هەیە

خالید حوسەینی



لە دوو ڕوانگەی ئەرێنێ بەلای «مریەم» و نەرێنی بەلای «نانا»وە بە جوانی دەخاتەڕو و بەرجەستەی دەکات. دووەمین کارەکتەری پیاوی ناو ئەم ڕۆمانە «ڕەشید»ە، پیاوێکە لە چینی ناوەند، هاوسەر و کوڕەکەی لەدەستچووە و بەتەمای ژنێکی دیکەیە، کە کوڕێکی لێ ببێت وجێگای ئەو کوڕەی بگرێتەوە، کە بەهۆی غەفڵەت و نەزانین و مەست بوونی خۆیەوە لەناو دەریا نوقم بووە. ئەو بە پێچەوانەی «جەلیل» کەسێکی لات و شەڕانییە و بە ئاسانی لە بەرانبەر پێگەو ویستەکانی خۆیدا هەڵوێست دەگرێت. کاتێك ویستەکانی جێبەجێ ناکرێن، سیما و ڕوخساری ڕاستەقینەی دەردەکەوێت، کە پیاوێکی تووڕە و تۆسن و خۆپەرستە. ڕەشید وێنەی ڕاستەقینەی پیاوێکە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئەفغانستان. «حەکیم» باوکی «لەیلا» مامۆستایەکی خوێندەوارە و ڕۆشنبیرە، بە کەسایەتییەکی جیاواز لە پیاوانی تر، کە ئەویش بەر پاکانەی حکومەتی کۆمۆنیستیی یەکێتیی سۆڤیەت کەوتووە. سەرەڕای ئەوەی کە لە کارگەی ئاردسازی کار دەکات، بەڵام گرنگی بە خوێندنی لەیلای کچی دەدات و ئەوکاتەی کە تالیبان دەسەڵات دەگرێتەدەست، لەیلا بە ناچاری واز لە خوێندن و قوتابخانە دەهێنێ، ئەو لە ماڵەوە وانە بە کچەکەی دەڵێتەوە، چونکە لەو باوەڕەدایە ڕزگاربوون و پێشکەوتنی ژنان بەستراوەتەوە بە خوێندنەوە، هەروەها ڕزگاریی کۆمەڵگەی نەریتی ئەفغانستانیش بەستراوەتەوە بە ئاستی فکریی ژنانی ئەفغانەوە. «تاریق» گەنجێکە بە لاقێکی دەستکردەوە، کە ئەمەش بەرهەمی شەڕە ناوخۆییەکانی ئەفغانستانە. ئەو لەدەستدانی لاقەی نابێتە هۆی ئەوەی، کە واز لە خەون و ئاواتەکانی بهێنێ. عاشقی هەڤاڵ و هاوپۆلی دەورانی خوێندنی خۆی دەبێت. لە کردار و ئاکاری توندوتیژی دۆست و هەڤاڵەکانی دیکەی بەدوورە. پەیوەندیی ئەو لەگەڵ «لەیلا» لە پەیوەندیی نێوان کچ و کوڕێکی ڕۆژئاوایی دەچێ لەناو کۆمەڵگەی ئەفغانستانی نەریتی و یاسا شەریعە زاڵەکان بەسەریدا، کە لەوانەیە ئەزموونی ژیانی نوسەر لە ڕۆژئاوا، کاریگەریی کردبێتە سەر




قەڵەمەکەی. لەم گێڕانەوەدا زۆر بە چڕی پەرژاوەتە سەر کەسایەتیی ژن. ڕەگەزی نێری نوسەر نابنە بەربەست، لەم بارەیەوە کە جوانترین خاڵەکان نەخرێنە ڕوو و ئاوڕیان لێنەدرێتەوە. «فەریبا» دایکی لەیلا، کە دوو کوڕی بەپێچەوانەی حەزی ئەو چونەتە بەرەی شەڕ، بەهۆی خەم و نیگەرانییەوە، توشی خەمۆکی بووە و هەموو کاتی خۆی بەتەنیایی و دوور لە بنەماڵە دەباتە سەر و پاش مەرگی ئەوان، ئیدی ژیان لای ئەو هیچ مانایەکی نییە. تەنانەت بیر لە خۆکوشتنیش دەکاتەوە. نوسەر بەوپەڕی جوانی و ستاتیکاوە کاریگەری و زەبر و زەنگی پیاوسالاری، بەرز نرخاندنی منداڵی کوڕ لە ڕۆحی ژنانی ئەو کۆمەڵگە وێنا دەکات، کە واقیع و ڕاستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتیی



ئەفغانییەکانە. زۆر بەرز و بەهێز پەرژاوەتە سەر پێگەی و کەسایەتی مریەم. زۆڵە کچێك کە، لە کاتی منداڵییەوە لە داوێنی سروشت باڵای کردووە و بە زەینێکی ئاڵۆز و ئاوارەوە لەبارەی راستیی و دروستیی قسەکانی (نانا)ی دایکی و (جەلیل)ی باوکی بڕیار بدات. تێڕوانینی نهێنی و زووتێپەڕی باوکی کە، لە پشتی پەردەوە حەزی لێ نییە، ئەو لە ماڵەکەی بمێنێتەوە، دوای ئەوەش خۆکوشتنی دایکی و ناچارکردنی بەوەی مێرد بە «رەشید» بکات، لەلایەن ژنەکانی «جەلیل»ەوە، دەبنە هۆی ئەوەی کە کەسایەتیی مریەم فۆرمی خۆی وەربگرێت. ئەو لە پەنای «جەلیل» دانیشتووە و بە کزۆڵی لێی دەپاڕێتەوە، پێش بەم هاوسەرگیرییە بگرێت لەگەڵ ئەو پیاوەدا، کە هاوتەمەنی باوکیەتی، بەڵام «جەلیل» بێدەنگبووە و سەرەنجام مریم تێدەگات «هەرکات کە هەناسە هەڵدەکێشێ، سەر مێزەکە هەڵم دەیگرێت و سیمای ئەو لەسەر مێزەکەی بەردەم باوکی پاك دەبێتەوە». ئەو هەستی زۆڵیەتی و ناڕەوا بوونی خۆی، هەتا کاتی ئیعدامکردن هەر لەگەڵیەتی. «لەیلا» کچێکی پڕ شەوق و پڕ لە وزە لە داوێنی باوکێکی وەك «حەکیم» گەورە بووە. سەرەنجام تەسلیمی هەست و سۆز و عەشقی خرۆشانی «تاریق» دەبێت، بەڵام خاڵێك لەم پێوەندییەدا لەگەڵ کولتوری کچێکی ئەفغانیدا، زۆر نامۆ دەنوێنێ، ئەوەیە کە ئەو دوای تەسلیم بوون لە بەرانبەر هەست و سۆزی خۆی و تاریق، داخوازی زەماوەند و هاوسەرگیری لەگەڵ تاریق لەبەر بارودۆخی رۆحیی دایك و باوکی قەبووڵ ناکات، ئەم بڕیارەش زیاتر لە بڕیاری کچێکی رۆژئاوایی دەچێت، کە بە قەیرە مانەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە بەلایەوە، ئەمە کولتوری کچێکی ئەفغانی نییە، کە لە ژێر زەبر و هەژموونیی زاڵی کولتور و نەریتە سەپێنراوەکانی ئەو وڵاتە دایە.

بەم پێیە خالید حوسەینی ئەو رەنجەی ژنانی ئەفغان بەهۆی ئەو توندوتیژییە زاڵەی کۆمەڵگەی پیاوسالارەوە لەگەڵیەتی، بە باشی دەربڕیوە، هەتا ئەو ئاستەی کە «لەیلا» لە تاقەت و بەرگەگرتنی خۆی لە بەرانبەر کوتەك و لێدانەکانی رەشید سەری سوڕدەمێنێ، بەڵام نوسەر لەم رۆمانەدا هۆکاری ئەو تاقەت و بڕستە، دەگەڕێنێتەوە بۆ ترس و تۆقاندن. نوسەر هەست و سۆزی دایکێك دەخاتە روو، هەتا ئەو جێگای دەتوانێ لە گیانی خۆی وەلادەنێ، لەوێدا بەوپەڕی وردەکاری و جوانییەوە لە کاتی هاتنە دونیای دووەمین منداڵی «لەیلا» وێنادەکات، هەتا ئەو ئاستەی کە لەیلا ئامادەیە بۆ رزگارکردنی گیانی منداڵەکەی ـ کە نازانێ کچە یان کوڕ ـ بەبێ دەرمانی بێهۆشی نەشتەرگەری بکرێت و ئەم لەخۆبردوویی و فیداکارییە لەوپەڕی عەشق و ئەوینی دایکەوە بۆ منداڵەکەی سەرچاوەدەگرێت، ئەم کارەش تەنیا لە خەسڵەتی دایکان دەوەشێتەوە. لە بەشەکانی دیکەشدا دیسان ئەوە لەیلایە لە بەرانبەر رەشیددا دەوەستێتەوە و پێش بە سواڵکردنی کچەکەی دەگرێت و پێشگیری لە شکاندنی کەرامەتی کچەکەی دەکات، بەڵام سەرەنجام ئازار و ژان و تاوی برسیەتی ناچاری دەکەن، منداڵەکەی بسپێرێتە خانەی بەخێوکردنی منداڵان. لە دووتوێی رۆمانەکەدا ئەو توندوتیژیانەی کە لەلایەن رەشیدەوە بەسەر هەردوو ژنەکەدا دەسەپێ، هەروەها ئەو متمانەبەخۆبوونەی مریەم «بەهۆی پشتیوانیی لەیلا» لەو، لەبەرانبەر شەلاقەکانی رەشید، هەروەها پەیبردنی مریەم بە رازی «لەیلا» کە «عەزیز»ی کچی بەرهەمی پەیوەندییەکی ناڕەوا و بەرهەمی عەشقی ئەوە لەگەڵ تاریق، هەروەها هەستکردن بە خەمی و ژانی هاوبەش، دەبێتە هۆی دامەزرانی پەیوەندییەکی دۆستایەتی لە نێوان دوو «هەوێ» کە هەتا ئەو جێگایەی مریەم بۆ رزگارکردنی «لەیلا» بە نابەدڵی بووەتە هۆی مەرگی رەشید و سەرەنجام دەبێتە قوربانیی پەیوەندیی پیاوسالارنە لە کۆمەڵگەدا. ئەو لە کاتی ئیعدامکردنیدا قسەکانی «نانا»ی دایکی بیردێتەوە: «پەنجەی ئاماژە و تانە و تەشەری پیاوێك وەك هێمای جەمسەرێو کە ئاراستەی باکور پیشاندەدات، هەمیشە ژنێك دەبینێتەوە».

**سەرچاوە:**

**-ماڵپەڕی رادیۆ زەمانە**

خالید حوسەینی

